# بمرن باشترە لەوەی کە خۆپیشاندان بکەن!؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

کۆمەڵگای ئێمە گەر بە قسەو لێدوانی سیاسیەکانمان بێ ئەوا لە کۆمەڵگا راقی و هەرە باش و لە دەوڵەتە پیشەسازیەگەورەکانی جیهانیشین ،ئیدی خۆپیشاندانمان بۆ چییەو بۆچی خەڵکی کوردستان کردویانەتە مۆدێلی رووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی کوردی(بمرین باشترە لەوەی کە خۆپیشاندان بکەین خۆ کەس گوێمان لێ ناگرێ و کەس گونی خەم نییە!!) تا ئێستا کەنەمانتوانیوە باوەشێنێك بۆ خۆفێنك کردنەوەی خۆمان دروست بکەین،یان هیچ نەبێ کورسیەکەی ژێرمان کە دەیان شەڕی لەسەر ئەکەین ئیتر بۆ کەلارو هەڵەبجە و خەڵکی ئاکرێ و هەفتەی پێشوش سلێمانی خۆپیشاندان ئەکەن و بەنزینخانەو مینۆمێنت و وێسگەی کارەباو شتی تر ئەسوتێنن!؟ کارەساتەکە ئەوەیە ئێمە هەمیشە بەخۆمان ئەڵێین باش و لە خراپترین دەورانی ئابوری و گوزەرانیشدا ژیان ئەکەین، تا ئێستا شاندێکی بیانی نەهاتۆتە کوردستان و ئێمە وەسفی خۆمانی بە باشی بۆ نەکەین و لە ژوورە راقی و پڕفەرش و فێنکەکانیشدا باسی دیموکراسیەتی هەرێمیان بۆ نەکەین بەشێوە موحەسسەنەکەی،بێ ئەوەی کە ئێمە لەو دیموکراسیەتەوە تاقە وانەیەك فێر بووبین کە وانەی خزمەتکردنی ئەویترودەستاودەستکردنی دەسەڵاتە حیزبی و حکومیەکانە، ئەو پێناسەیەی کە دەسەڵات لە رێگەی بەرپرسەکانیەوە ئەیکات بۆ کوردستان پێناسەی ماڵ و ئۆفیسەکەی خۆیەتی نەك پێناسەی ئۆردوگاکان وگوندەکان و شارە وێرانکراوەکان و ماڵۆچکەی ئاوارەکان، پێناسەی تاکی کوردیە لە دیدی کوڕوکچەکەی خۆیەوە کە پێستەقاچی ژێر پێیان لە زمانی کوڕەهەژارێکی دوورە شار ناسکترەو تاڵی و سوێری نەبینیوە، بەرپرسی بەرێز: ژیان ئەوەنیە کە ماڵەکەت بکەیتە نموزەجی کۆمەڵگایەکی پروکاوی هەڵئاوسکاوی بێ دراوو بێ ووزەو بێ بزەو بێ کەرەستەی خۆدروستکردنی وەك ئێمەی کورد، لێرە کارەباو ئاوو سوتەمەنی و خۆشگوزەرانی و سەکەن نیەو بەرپرسی بەرێزیش زۆر بەمەستی و بەتێری دەڵێ: نابێ رەخنەبگریت و خۆپیشاندان ساز بکەیت و ئەبێ روخسەتی خۆپیشاندان وەرگریت! لەکاتێکدا ئەوان لە کاتی کارەبا بڕاندا هەزار سەلاجەو تیڤی و سیدیمان بسوتێ نەك روخسەت ناخوازن بگرە تاقە پرسێکیشمان پێناکەن و تەنانەت ناتوانن خشتەیەکی زەمەنیشمان پێ بدەن بۆ کاتەکانی کارەبا؟! ئێمە بێ ئەوەی کە بەخۆمان بزانین کۆمەڵگایەکی لەبەریەك هەڵوەشاوی بەرخۆرو موسریف و پلە سفرو ئەسفەلە سافیلینمان بنیادناوە نەك کۆمەڵگای مەدەنی! پێم وایە کورد پەناو پەسێرێکی نیە کە شایانی باسکردن بێت، ئەوەی کە هەیە و کاری لەسەر ئەکرێ تەنها خۆشگوزەرانیەکی بچوکەو هەڵبژاردەیەك سودی لێوەرئەگرن و باقی خەڵك دەبێ هەر راکە راکی بێت بەدوای تاڵیەکانی ژیاندا، ئاخر یەك لە هەرە دیاردە ناشیرینەکانی دەسەڵاتی کوردی ئەوەیە کە نە باوەری بە بەڵگەی مەدروس هەیە نە بەگومانی مەدروس،بەڵام باوەری بە دادگاو سجنی نامەدروس هەیە،ئەتوانی لە ساتێکدا دەیانجار بمانگرێ بەڵام ناتوانێ ساتێ ئازادی و خۆشگوزەرانیمان بۆ بسازێنێ، دیموکراسی لای دەسەڵاتی کوردی هێشتا نەیتوانیوە ئاستەکانی زمان و ئەدەبیاتی حیزبی ببڕێ و وەکو کولتورێك مامەڵەی پێوە بکات و شۆڕبێتەوە بۆ ناو ووردەکاریەکان، دیموکراسیەتی وەکو میکانیزمی لێپرسینەوە ناوێت ئەوەندەی وەك ماکیاژکردنی خۆی دەوێت و ئەزانێ ناشیرینەو ناشیرینتریش ئەبێت و پاڵەوانیشی نییە بۆ خۆ جوانکردنەوە بۆ یە ناچار پەنا ئەبات بۆ چەمکە وەهمیەکان، بەردەوام ئەم چەمکە لە دونیای ئێمەدا ئاڵۆزکراوەو حزبی کوردی تا ئێستا کاری لەسەر ئەوە کردووە کە دەسەڵاتەکەی بەکاربهێنێ بۆ ماکیاژکردنی رووکارە ناشیرینەکانی کۆمەڵگای کوردی و بیشارێتەوە و بەهەزار نەوع سەرەتانمان لێ بکاتە سەر ئێشەو خەیاڵاتیشمان لێ بکاتە ئەنفلوەنزای باڵندە! ئەم چەمکە لە دنیای کوردیدا ئەوەندەی بۆتە سەرمایەیەکی تری حیزبی کوردی بۆ بە ئەفسانەکردنەوەی کۆمەڵگاو بەرهەمهێنانی خورافەگەری ئەوەندە نەبۆتە مەدێك بۆ بەخۆداچوونەوەو دەستاودەستکردنی دەسەڵات و دەرخستنی رووی راستەقینەی ئەم کۆمۆنیتیە هەژارە،دیموکراسیەتی ساختە لەم خاڵەوە کۆمۆنیتی کوردی راوەستاندووەو کاری نەکردووە بە ئاراستەی تەفسیرکردنەوەی ژیانی ئاسایی تاکی کوردی ئەوەندەی دیموکراسی کورت بۆتەوە لە تەفسیرە کاپیتاڵی و بازرگانیەکەدا بۆ کۆمەڵێ دەستەواژەی سەیر سەیری ئابوری و کۆمەڵێ کۆمپانیای مافیا بۆ ئەو نوخبە بەرپرسەی کە ژیان بەجۆرێکی تر ئەبینن و تەفسیر ئەکەن و دواجار یاساو دەستوری وەبەرهێنانیشمان پێ ئەفرۆشن؟! ئاخر کام کۆمپانیاو کام یاسای وەبەرهێنان لەکاتێکدا لای ئەوان شتێك نییە ناوی کارەبا کوژاندنەوە بێت و شتێك نییە ناوی گرانی و رێکخستنی نرخ و کاڵا بێت و شتێکیش نییە ناوی گواستنەوەو سەفەربێ و ئەوە پیس و پۆخڵی و تەپوتۆزیش بابوەستێ؟! بۆیە دیموکراسیەت و کاراکتەرەکانی لە دونیای کوردیدا لەوپەری دەورانی خیانەتی خۆیدایەو بگرە بە خیانەتیشەوە داخڵ بە مێژوو ئەبین، دواجار بەمانا کوردیەکەی ئێمە باسی دیموکراسی ئەکەین ئەگینا دیموکراسیەت لە بنەرەتدا وەکو چەمکە یۆنانی و ئەوروپیەکەی وەرمان نەگرتووە هەروەك چۆن مادۆناڵ و بیپسی و خواردن و مەشروباتە غەربیەکانیشمان

**گۆڕیوه بۆ فەل و ئەسڵ و نائەسڵ و کوردی و ماکوردی، هەرئەم دیموکراسیەتە کوردیە چەمکێکە زیاتر وەستاوە بۆ ڕاگرتنی بەلانسی هێزو بەرژەوەندیەکان و کوشتنی جیاوازیەکان و بۆ جوانکردنی ئەم لەسەر حسابی ئەو، بۆ کوشتنی ئەو لەسەر حسابی ئەم، بۆئازاردانی ئەو وسەخڵەتکردنی ئەم و ئازادی بۆ ئەوو گرتن و ڕاوەدونانیش بۆ ئەم، ئا لێرەوەیە ئیتر دوانەی دەسەڵات و دیموکراسی بۆ کورد دوانەیەکی تەواوکەر نییە ئەوەندەی دوانەیەکی تراژیدی و تێکچرژاوی دژوناکۆکن و کەسیش خۆی ناکاتە خاوەنماڵ!؟**